پیاوێک باسکرا لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە شەو خەوتووە هەتاوەکو بەیانی بەسەردا هاتووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی، -یان فەرمووی-: نێو گوێی

لە عبد اللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک باسکرا لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە شەو خەوتووە هەتاوەکو بەیانی بەسەردا هاتووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی، -یان فەرمووی-: نێو گوێی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پیاوێك شەو خەوت هەتاوەکو خۆری بەیانی بەسەردا هات وهەڵنەساوە بۆ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3714